# فەلسەفە و زمان

بەهۆی زمانەوە دەتوانین " شتە" ماتریاڵیەکانی دەوروبەرمان و ئەندێشە و هەستەکانمان بەرجەستە بکەین. بۆ ئەفراندنی زمانیش پێویستمان بە وشە هەیە.

مرۆڤ تاکە زیندەوەرێکە، دەتوانێت لە ڕێگەی زمانەوە، ڕاڤە و دەربڕین، لە بیر و بۆچوون و هەست و سۆزی خۆی بکات. دیسان هەر بەهۆی زمانەوە، دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەشدا ببەستێت و ڕەهەندێکی فەلسەفیش بە مێژوو ببەخشێت.

گرنگی زمان لەوەدایە، کە نەک تەنها دەتوانین باس لە سێ کاتی جیاواز، ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوو بکەین، بەڵکو دەتوانین دنیای نادیاریش، لە ڕێگەی زمانەوە وێنا بکەین.

لەبەر ئەوەی بابەتەکانی فەلسەفە، بابەتی زمانەوانین. گفتوگۆکردن و پرسیارکردن، لەمەڕ ئەو بابەتانە، دەبنە هۆکارێک بۆ بەهێزکردنی- ڕاهێزانی زمان.

وەک ئاشکرایە، بیرکردنەوە پێش زمان دەکەوێت، بەڵام کاتێکیش هەگبەی زمان بەتاڵبێت، دەربڕینی بیرکردنەوەکە لە فۆرمی گووتاردا دەبێتە کارێکی سەخت. جا بۆیە گرنگە، لە وانەی فەلسەفەدا هەمیشە مامۆستا- فێرکار، ڕاڤەی هەر چەمک و وشە و دەستەواژەیەک، بۆ منداڵان بکەن، کە لەبابەتی وانەکەدا دێت. ئەوکارەش کۆمەکی منداڵ دەکات، تا بتوانێت مەبەستی خۆی دەربڕیت.

دیسان بۆ ڕاهێزانی زمانی منداڵان، دەبێت مامۆستایان، هانیان بدەن تا بۆ گشت ڕادەربڕین و وەڵامێکیان، بەڵگە و پاساویان هەبێت.

بۆ نموونە، مامۆستا هەردەم لە منداڵان بپرسێت:

- کاتێک دەڵێیت، دەبێت ئەم " شتە " وابێت، یان وانەبێت، مەبەستت چیە؟

- چ بەڵگەیەکت هەیە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەت؟

- گەر بەبڕوای تۆ ئەم وەڵامە، یان ئەم بۆچوونە هەڵەبێت، ئایا تۆ دەتوانیت وەڵامێکی ڕاستمان بدەیتەوە؟

ئەم کارەش نەک هەر زمانی منداڵ پاراو دەکات، بەڵکو ئاسۆی بیرکردنەوەشی فراوان دەکات.

